دێرین
ژمارە (3) پێنجشەممە 2006/10/5

# پاش گەشتەکەی بۆ ئەوروپا و کردنەوەی لقی دەرەوەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان

# سەرۆکی کۆمەڵە:

# لقی دەرەوە لە سویدەو، لە ئایندەشدا کۆنگرە دەبەستین

**کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان فیدراسیۆنی تێکۆشەرو پێشمەرگە دێرینەکانی چوار حزبی ڕەسەنی خەباتی کوردایەتییەکەبریتییە لە(یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان)، تا ئێستا جگە لەبارەگای سەرەکی کە لە سلێمانیە، حەوت لقیشی لە (هەولێر، کەرکوك، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان، شارەزوور و ڕاپەڕین) لەم ماوەیەشدا لقی دەرەوەی لەسوید کردۆتەوە.**

**ڕۆژی 2006/6/21 بەڕێز (کاك جەمیل هەورامی) سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان بۆ ئەو مەبەستە سەردانی چەند وڵاتێکی ئەوروپایکردو لەسەرەتای مانگی ئەیلول گەیشتەوە کوردستان، لەوبارەیەوە (دێرین) بە پێویستی زانی میوانداری بکات و، بەڕێزیشی سەرەتا ووتی:**

**دیداری: ئاوات کۆکەیی**

دیارەهەر لەسەرەتای دروستکردنی کۆمەڵەکەمانەوە، لە چەند کۆبونەوەیەکمان دەربارەی دروستکردنی لقەکان کرد، پاش ئەوەی حەوت لقەکەی کوردستان دامەزرا، بیرمان کردەوە لقێکیش لە ئەوروپا بکەینەوە، ئەوەش لەئەنجامی ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی دێرینی هەموو حزبەکان لەوڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەداو شوێنەکانی‌تر هەیەو هیچ دامەزراوەیەکیش لەوێ نیە تا کۆیانبکاتەوە..

ئەوەبوو لەگەشتەکەماندا سەردانی هەریەك لە وڵاتەکانی:

– سویدو دانیمارك و بەلجیکاو ئەلمانیاو هۆڵەنداو نەمسامانکرد، بەڵام پێش ئەوەی بریار لە شوێنی کردنەوەی لق و کۆمیتەکانی دەرەوە بدەین، لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی شارەزای ژیان و ژمارەی پێشمەرگە دێرینەکانی ئەو وڵاتانە هەن، راوێژمانکرد لەسەر رێکخستنی کۆبونەوەکان و دەستنیشانکردنی ئەو وڵاتەی لقەکەی لێدەکرێتەوە، ئەوەبوو بریارماندا ئەو وڵاتانەی کە سنورەکەی فراوانەو پێشمەرگەی دێرینی زۆر لێیە، کۆمیتەیەکی بۆ پێکبهێنین، وڵاتەکانی کەش کە بەژمارە پێشمەرگەی کەمی لێیە لیژنەیەکی بۆ دابنرێت..

سەرەتا پێمان باشبوو کۆبونەوەیەکی فراوان لەگەڵ هەموو هەڤاڵان بکەین بۆ ئەوەی زانیارییان هەبێت لەسەر چۆنیەتی و ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵەکە و سنوری کارکردنی لقەکان و پێکهاتەی کۆمەڵەش، کە لەچوار حزب پێکهاتووە.

یەکەمجار لە ئەڵمانیا دەستمان بە ئیشکرد، ئەوەش بەهۆی ئەوەی وڵاتێکی فراوانەو پێشمەرگەی دێرینیشی زۆرلێیە، لەچوار شاری ئەو وڵاتە کۆبونەوەمانکردو لەئەنجامدا یەکەم کۆمیتەی دەرەوەی کۆمەڵەمان لەو وڵاتە دروستکرد.

پاشان چووینە هۆڵەنداو دوای دوو کۆبونەوەو پرس و راوێژکردن، بریاردرا لەوێش کۆمیتەیەك هەبێت.. پێویستە ئەوەش بڵێم کەلە هەموو کۆبونەوەکان هەڤاڵانی رێکخستنیش بەشداریاندەکرد، چونکە، بەهۆی ئەوەی تازە لە کوردستانەوە چووبووم بۆ ئەوێ برادەرانی مەڵبەندی دەرەوەی (ی.ن.ك)، پێیان باشبوو دەربارەی هەلومەرجی کوردستان و بارودۆخی ناو یەکێتی و ئەو پێداچوونەوانەی کە بە هەڵبژاردنەکانی ئێستای ناو یەکێتی دەستپێکرد، زانیاری و رونکردنەوە بە هەڤاڵانی رێکخستن و پێشمەرگە دێرینەکانیش رابگەیەنین و کردیشمان. بەهەمان شێوە لەشارەکانی ( یۆتۆبۆری و ستۆکهۆڵم)ی سویدش دوو کۆبونەوەی فراوانکراو کۆمیتەیەکمان دروست کرد.

بەڵام لەبەر پێگەی جوگرافی و ئەو ژمارە زۆرە پێشمەرگە دێرینانەی لەسوید دادەنیشن، وامان بەچاکزانی جگەلەو کۆمیتەیەی لەوێ پێکهێنرا، لقی دەرەوەی کۆمەڵەش هەر لە سوید بێت و ، لەئەنجامدا لقەکە پێکهێنراو هەیئەتی لقەکەش دەستنیشانکرا. دواتر سەردانی وڵاتانی دانیمارك و بەلجیکاشمانکردو، بەلەبەرچاوگرتنی کەمی ژمارەی پێشمەرگە دێرینەکانی ئەو وڵاتانەو نافراوانی روبەروی خاکەکەی، یەکی لیژنەیەکمان لەووڵاتانە دروستکرد.

هەروەها برادەرانیشم راسپارد پەیوەندی بکەن بە پێشمەرگە دێرینەکانی ئەو وڵاتانەی کەنەمتوانی سەفەری بۆبکەم ، تاکو بتوانن لیژنەی سەر بەکۆمەڵە لەچەند وڵاتێکی تریش دروستبکەن. بریاریش بوو بۆ هەمان مەبەست بچمە بەریتانیا، بەڵام بەهۆی نەخۆشی وئەو نەشتەرگەریەی کە بۆم کرا نەمتوانی بچم، پاشان بەتەلەفۆن پەیوەندیم بەبرادەرانەوە کرد، بریارە لەوێش کۆمیتەیەك دروست بکرێت، ئێمە لەلای خۆمانەوە لێپرسراوی کۆمیتەکەمان دیاریکردووە، ماوەتەوە ئەوەی هەڤاڵانی حزبەکانی تری بەشداربووی کۆمەڵە، ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە دەستنیشان بکەن، هەروەها بەنیازین کۆمیتەیەکیش لەئەمریکا دروست بکەین.

*کاك جەمیل تۆ وەك سەرۆکی کۆمەڵە روبەرووی چ داواکاری و کێشەیەکی پێشمەرگە پەراگەندەکانی ئەوروپا بویتەوە؟

–چەند گلییەکیان هەبوو هەقیشیان بوو، چونکە بەشێکی زۆریان لە ئەنجامی برینداری و کەم ئەندامبونیان لەشەرەکانی دژی بەعس بۆ چارەسەر رۆیشتوون و بەویستی خۆیان نەبووە، تەنانەت هەندێکیان ئاگای لەخۆی نەبوە کە بردویانە بۆ دەرەوەو ئێستاش لەژێر چاودێری پزیشکدان.

بەڵام ئەو خزمەتەی بەکەمئەندامەکانی ئێرە لەرووی موچەو پلەوە کراوە، بۆ ئەوان نەکراوە، ئەگەر شتێکیش کرابێت ئەوا لەگەڵ هەڤاڵانی ئێرە جیاوازی هەیە، چەندین پێشمەرگەی دێرینی ئازاو قارەمان هەیەو نزیکەی 12 ساڵ خەباتی کردوە، بەڵام خانەنشینی بۆ نەکراوە، یاخود وەك پێشمەرگەیەکی ئاسایی بۆی کراوە کە موچەکەی تەنها 60 هەزار دینارە.

*ئەی بەرامبەر سکاڵای ئەو تێکۆشەرانە کە وەك خۆت وتت هەریەکەیان بەهۆکارێکی نەخوازراو پەراگەندە بوون، چیت پێگوتن و بەرنامەی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵە لەو بارەیەوە چیە؟

–ئێمە پێمان راگەیاندن ودڵنیاشمان کردنەوە کە سیاسەتی کۆمەڵە خزمەتکردنی پێشمەرگەی دێرینە لەهەر کوێیەك بێت، جیاوازیان ناکەین، لەبەر ئەوە ئەو هەڤاڵانەی کوردستان کەچۆن خزمەت دەکرێن، ئەوانەی دەرەوەش بەپێی خەبات و ماندوبونیان پلەیان بۆ دیاریدەکرێت.

لەراستیشدا نابێت جیاوازی بکرێت لەنێوان پێشمەرگەی دێرینی دانیشتوی کوردستان و یەکێکی دانیشتوی ئەمریکا یان هەر وڵاتێکی‌تر، چونکە هەمووی لەخەباتی چەکداریدا وەك یەك ماندوو بوون، پێشمەرگە هەیە هەردوو چاوی لەدەست داوە، دەبێت سوپاسیشیان بکەین کە توانیویانە بگەنە ئەوێ و ئەرکیان لەسەر خێزان و حکومەتی هەرێم کەمبۆتەوە، لەبەرئەوە سیاسەتی

کۆمەڵەکەمان رەچاوکردنی یەکسانی هەموو تێکۆشەرێکی دێرین و کەمئەندامێکە کە لەهەر شوێنێکی دنیادا بژی، بەراستیش ئەوێ سەنگەرێکیتری خەباتە بۆ ناساندن و ئاشنا کردنی دۆزی کورد بەدەرەوە، بۆ نمونە: کەسێك دەستی یان چاوی لەدەستداوە بە شەقامێکدا دەروات، ئەپرسن ئەوە کێیەو بۆ وای لێهاتووە؟ پێشمەرگە بووە، پێشمەرگە کێیە؟ جەنگاوەری کورد بووە دژی ئەو رژێمە خەباتی کردووە بۆیە ئێمە بەپێی ساڵانی پێشمەرگایەتیی خانەنشینیان دەکەین،یان هەر خزمەتێکی تر.

*کاك جەمیل ئاستی بەدەنگەوە هاتن و وەڵامدانەوەی پێشمەرگە دێرینەکانی نیشتەجێی ئەوروپا بەرامبەر کارنامەی گەشتەکەی بەرێزت چۆن بوو؟

–ئێمە کە بەتەلەفۆن پەیوەندیمان پێوە کردن و مەبەستەکەمان تێدەگەیاندن، برادەرانی مەڵبەندی دەرەوەی (ی.ن.ك) شاهیدن کە خەڵکێکی زۆر لە پێشمەرگەی دێرین و رێکخستنەکان هاتن و بەشداری کۆبونەوەکەیان دەکرد، ئەمە سەرەرای ئەوەی هەندێك لە کۆبونەوەکان لەرۆژانی پشودانەبوو.

خەڵك هەبوو دەیووت: دوو ساڵە نەهاتوم بۆ کۆبونەوەو لە رێکخستنیش دابراوم، گلەیی و موعاناتی زۆری هەبوە، گوێی لێ نەگیراوە، بەڵام کە بیستویەتی کۆبونەوەی پێشمەرگە دێرینەکان هەیە، بەخۆشیەوە هاتووە و بەشداری لەگەڵ کردین.

ئێمەش داوامان لە ئەندام و پێشمەرگەی هەموو حزبەکان کرد، هەر گلەیی و سەرنجێکیان هەبوو بیکەن بە نوسراوو بەرزی بکەنەوە، ناشبێت لە رێکخستن و پەیوەندی دابرێن، چونکە ئەوە کارێکی باش نیە بۆ ئەمرۆی خەباتی میللەتەکەمان، ئەوانیش تێگەشتن و ئامادەیی خۆیان نیشاندا.

*بەرێز کاك جەمیل ئەگەر بکرێت ماوەی گەشتەکەت و ژمارەی پێشمەرگە دێرینەکانی نیشتەجێی هەندەرانمان پێبڵێیت؟

–بەهۆی ئەوەی کە نەخۆش کەوتم و لە ئەلمانیا نەشتەرگەریم بۆ کرا، گەشتەکەم لەماوەی دوو مانگەوە بۆ ماوەی دوومانگ و بیست رۆژ درێژ کردەوە.

ژمارەی پێشمەرگەکانیش تا ئێستا نازاندرێت چەندە، بەڵام بەمەزەندەی خۆم زیاتر لە (700 تا 800) کەس دەبێت، کە فۆرمەکانیش پرکرانەوە ئەوسا دەردەکەوێت لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبدەم کە بەرێز مامۆستا جەمال محەمەدی لێپرسراوی مەڵبەندی دەرەوەی (ی.ن.ك) لەگەڵ برادەرانیتری مەڵبەنداهاوکاری زۆریان کردم و هەروەها کاك شێخ شەماڵ نوێنەری (بەرێز مام جەلال)یش لە مەڵبەندەکە لەگەڵم هات بۆ سوید و چەند شوێنێکیتر ، زۆر سوپاسی هەمویان دەکەم.

هەروەها لە هاورێیانی حزبی شیوعیش کاك عەلی زەنگەنە لە هۆڵەنداو کاك ئەحمەد رەجەب لە سویدو، لێپرسراوی هەموو کۆمیتەکانیش بەتایبەت کاك ئاری شێخ نوری لە سویدو کاك قادر وەرتێیی لە ئەلمانیا زۆر هاوکاری‌و کارئاسانیشیان بۆ کردم و سوپاسیان دەکەم.

*وەك ئاگاداریت تا ئێستا برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندیان بە کۆمەڵەوە نەکردوە، ئایا هیچ هەوڵێکتان لەو بارەیەوە نەداوە؟

–هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەکەمانەوە پەیوەندیمان بە بەرێزان کاك فەرەیدون جوانرۆیی و کاك نوری حەمە عەلیەوە کرد کە هەردووکیان پێشمەرگەی دێرین و لێپرسراوی لقی پارتی دیموکراتی کوردستانن. داوامان کرد ئەو داوایەی ئێمە بگەیەننە سەروی خۆیان، بۆ ئەوەی بەشداری کۆمەڵە بکەن، یاخود کارێك بکەن بچینە خزمەتی بەرێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوە بوو خۆشحاڵی و ئامادەیی خۆیان بۆ داواکەمان دەربری، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی بەرێز کاك مەسعود بەرێکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەو بارودۆخی سیاسی کوردستان و عێراق، بوار نەبوو سەردانی بکەین، بەڵام ئێستا نیازمان هەیە بچینە خزمەتی بۆ بەشداری کردنیان لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستاندا .



سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان

*بەپێی پەیرەوی ناوخۆی کۆمەڵە دەبێت هەر حزبێك کە بەشدار دەبێت، باوەری بەدیموکراسی هەبێت، بەڵام تا ئێستا لیپرسراوی یەکەمی کۆمەڵە کە جەنابتانن و سەرجەم بەرپرسانی‌تری لقەکان بە هەڵبژاردن دانەنراون، ئایا هەڵبژاردن یان بەستنی کۆنگرە لە بەرنامەتاندا هەیە؟

–ئێمە هەر لە کۆبونەوەکانی سەرەتاو لەناو پەیرەوی ناوخۆشمان بریارمانداوە کۆنگرە ببەستین، تاکو ئێستاش کە نەکراوە چاوەرێی کردنەوەی لقی ئەوروپاورێکخستنی لقەکانی ناوخۆ بووین، بەڵام ئێستا ئومێد دەکەم دوو مانگی تر نەخایەنێت و کۆنگرە ببەسترێت، داواکاریشم هەر پێشمەرگەیەکی دێرین کە تا ئێستا فۆرمی ئەندامێتی پرنەکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە کۆنفرانسە ناوچەییەکان و پاشان کۆنگرە بەشداربن، بێن و فۆرم پر بکەنەوە.

*کاتێك سەرگەرمی گەشتەکەت بوویت، لێرە هەردوو ژمارە (0 ، 1)ی رۆژنامەی دێرینمان دەرچواند، کە هاتیتەوەو بینیت چ هەستێکت لا دروست بوو؟ یاخود سەرنج و پێشنیازت لەسەری چییە؟

–دەستتان خۆش بێت، هیچ سەرنجێکم لەسەری نیە، بەتایبەت کە ئێستا لەسەرتادان، ئاگاداریشم هەر ژمارەیەکی نوێ کەدەردەچێت لەوەی پێشتر باشترە، بۆیە ئومێددەکەم لەئایندەدا بیکەنە هەفتانەو ئەگەر بشکرێت رۆژانە، تاکە سەرنجێك بەلای منەوە ئەوەیە کە ریکلامتان بۆ نەکردووە هیوادارم بیکەن.

لە ئەنجومەنی باڵا بریارمانداوە گرنگی زیاتر بەراگەیاندن بدەین ، خۆشت ئاگاداریت و لەکۆبونەوەکان لەگەڵمان بویت کە نیازمان هەیە سایتێکی ئینتەرنێت بکەینەوە.

*لەکۆتاییدا سوپاس بۆ بەرێزت و هیوای تەندروستی باشت بۆ دەخوازم، دوبارە بەخێربێیتەوە.

–سوپاس بۆ تۆش و دڵنیا بن کە هاوکاری ماددی و مەعنەوی کارەکانتان دەکەین و ئازادی تەواوەتیشتان هەیە.

**دێرین رۆژنامەیەکی سەرکەوتووەو ئاگاداریشم هەر ژمارەیەك کە دەردەچێ لەوەی پێشووتر باشترە. دەستتان خۆش بێت و دڵنیابن ئازادی تەواوەتیشتان هەیە.**